# بۆنی شیعر

## خوێندنەوەیەك بۆ شیعری ( بۆنی بەختەوەری )ی محمد کوردۆ

**نوسینی : تەیب جەبار**

( ژەنەراڵی خۆشەویستی ) ناوی دوا دیوانی شاعیری هەست ناسك ( محمد کوردۆ )یە .ئەم دیوانە کتێبی ژمارە (٥)ی گۆڤاری (هەنار)ە ، کە لە لایەن بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانیەوە چاپ و بڵاو دەکرێتەوە. شوێن و ساڵی چاپکردنی دیوانەکە نوسراوە ( سلێمانی -٢٠٠٨). ئەم دیوانە (١٤٢) لاپەڕەی مامناوەندیە ، ٤٨ پارچە شیعری کورت و مامناوەندی لە خۆگرتووە . ئەم دیوانە یەکێکە لەو دیوانە دەگمەنانەی کە من چێژی زۆرم لە خوێندنەوەی سەرجەم شیعرەکانی وەرگرت . قسە لەسەر کردن و هەڵسەنگاندنی سەرجەمی شیعرەکان بۆ من لەم رۆژگارەدا کارێکی زەحمەتە ، بە هۆی سەرقاڵ بوونم بە ئیش وکاری دیکەوە ، چونکە سەرجەم شیعرەکان قسەی زۆر هەڵدەگرن ، چی لە بارەی شێوە و شێوازەوە یاخود لە بارەی ناوەرۆکەوە . لەم نوسینەدا من تەنها هەڵسەنگاندنێك بۆ شیعری یەکەمی دیوانەکە دەکەم .

( محمد کوردۆ ) بە یەکێك لە شاعیرانی پاش راپەڕین دەناسرێت .وەك خۆی لە دیوانەکەشدا ئاماژەی پێ کردووە ، یەکەم شیعری ساڵی (١٩٨٨) بڵاوکردۆتەوە ، لەو یەك دوو ساڵەی کۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردودا ، چەند شیعرێکی لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکردۆتەوە . بەڵام ناسراو نەبوو ، منیش وەك شاعیرێك نەمدەناسی . تاکو لە دوای راپەڕین هەر لە ساڵی (١٩٩١)دا ، نامیلکە شیعری بەرباخەڵ –( خورپەی ناخ )ی چاپ کرد . من هەر لەو ساڵەدا ئەو نامیلکە شیعرەم دەستکەوت ، کە کۆمەڵێ شیعری کورت و نایابی تاك دیمەنی لەخۆ گرتووە ، ئەو شیعرانە بووە جێگای سەرسوڕمان و تێڕامانی من . ئیتر بەردەوام تاکو ئێستا موتابەعەو خوێندنەوەی شیعر و نوسینەکانیم کردووە .

شاعیر لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ شێوازی شیعر نوسینی زۆر گەشەی کردووە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە ، ئەگەر بە وردی لێکۆڵینەوە لەسەرجەم شیعرەکانی بکرێت دەتوانرێت بۆ چەند قۆناغێك دابەش بکرێت .بەڵام ئەم قۆناغ بەندی و گەشەسەندن و گۆڕانە ئەرکی ئەم نوسینەی من نیە و لە ئێستادا وەك لەسەرەوە وتم بۆم ناکرێت لێکۆڵینەوەی فراوان ئەنجام بدەم .

پارچە شیعری یەکەمی دیوانەکە ، ناوی ( بۆنی بەختەوەری )یە . شاعیر کات و شوێنی نوسینی ئەم شیعرە و هیچ یەکێك لە شیعرەکانی دیکەیشی لە دیوانەکەدا نە نوسیوە . بۆ ؟ نازانم .بە رای من نوسینی کات و شوێنی نوسینی شیعر زۆر پێویستە و یارمەتی خوێنەر و رەخنەگر دەدات بۆ شیکردنەوەی زۆر بابەت و تێگەیشتنی زیاتر لە دەقی شیعرەکان . چونکە من ئێستا نازانم بۆچی ئەم شیعرەی کردۆتە یەکەم شیعری دیوانەکە .ئایە ئەمە دوا شیعر و تازەترین شیعری دیوانەکەیە ؟ یاخود کۆنترە لە شیعرەکانی تر ؟ یاخود پەیوەندی بە حاڵەتێکی تایبەتی ژیان و باری دەروونی شاعیرەوە هەیە .چونکە ئەگەر کات و شوێنی نوسینی شیعرەکانی دیاری بکردایە ، رەخنەگر یاخود خوێنەر دەیتوانی هەندێك پەیوەندی و گرێ کوێرەی نێوان شیعرەکان و ژیانی تایبەتی شاعیر بدۆزێتەوە .بەڵام بۆ من چونکە قسە لە سەر یەك شیعر دەکەم ، ئەوەندە گرنگ نیە .

## بۆنی بەختەوەریی

١. زۆر جار کە ئێواران دێ
٢. هەر لە خۆمەوە
٣. هەست بە خەمبارییەکی زۆر دەکەم
٤. هەستدەکەم ئەو هاژە هاژە شینەی
٥. لە ئاوی روباران دێ ،
٦. هەستدەکەم ئەو دەنگە دڵنشینەی
٧. لە لەرینەوەی داران دێ ،
٨. حەسرەتەکانی مرۆڤم بیردەخەنەوە
٩. هەوڵدەدەم
١٠. حەسرەتەکان بژمێرم
١١. نا ئۆمێدی گاڵتەم پێدەکا :
١٢. ( کوانێ حەسرەتەکانی مرۆڤ
١٣. لە ژماران دێ ؟!) .          وێنەی یەکەم

١٤. زۆر جاریش هەستدەکەم
١٥. لەگەڵ هەڵکردنی بای ئێوارەدا
١٦. دەنگی وردو خاشبوونی
١٧. دڵی دڵداران دێ !          وێنەی دووەم

١٨. بەڵام ئەم ئێوارەیە
١٩. کە پایز ئاوی کردۆتە ژێر هاوینەوە
٢٠. من زۆر دڵم خۆشە
٢١. چونکە لە ناو خۆمدا :
٢٢. بۆنی هەناسەی تۆو
٢٣. لە ناو ماڵەکەمدا :
٢٤. بۆنی بەختەوەریی و
٢٥. لە دەرەوەش :
٢٦. بۆنی تەڕی باران دێ !!          وێنەی سێیەم

**( بۆنی بەختەوەری ) ناونیشانی شیعرەکەیە، بێگومان هەموومان دەزانین بەختەوەری بۆنی نیە ، چونکە بەختەوەری شعور و حاڵەتێکی دەرونیە ، نەك مادەیەکی بۆندار .هەر لە ناونیشانەکەوە ، پێدانی سیفەتی ( بۆن ) بە( بەختەوەری ) شیعرێتی دەق و توانای شاعیرانەی شاعیر دەردەخات . هەر لەبەر ئەو ناونیشانە منیش ناونیشانی نوسینەکەم نا ( بۆنی شیعر )چونکە شیعریش بۆنی نیە .**

**ئەم شیعرە لە (٢٦) دێڕ پێکهاتووە و دابەش بووە بە سەر (٣) وێنەدا ، وێنەی یەکەم( دێڕی ١ ــ ١٣ ) ، وێنەی دووەم ( دێڕی ١٤ــ ١٧) ، وێنەی سێیەم ( دێڕی ١٨ ــ ٢٦ ) . وێنەکان بەردەوام و گرێدراون**

بەیەکەوە ، خوێنەر خۆی لەکاتی خوێندنەوەدا دەتوانێت جیایان بکاتەوە . هۆراس دەڵێ : هونەر وێنەیە . شێوازی نوسینی ئەم شیعرە لە چنینی تۆڕ دەچێت . رایەڵی ئیقاع و واتا و کات و وێنە ، هەموو گرێدراون بە یەکەوە ، واتا شیعری تاك دێڕ نیە . ئەمەش توانا و شارەزایی شاعیر پیشاندەدات کە حاڵەتی شعوری خۆی دەکاتە وێنەی شیعرانەی چێژ بەخش .

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ وتەی فەیلەسوفی ئەڵمانی ( شۆپنهاوەر ) کە دەڵێت : هەموو هونەرێك هەوڵ دەدات بگات بە ئاستی مۆسیقا .کە منیش رام لەگەڵ ( شۆپنهاوەر ) دایە ، چونکە مۆسیقا بە ترۆپکی هونەر دەزانم ، کە هونەرێکی موجەڕەد و بێ واتایە ، هەموو هونەرێك سوودی لێ وەردەگرێت . با بزانین شاعیر لەم دەقەدا ، چۆن سوود لە مۆسیقا وەردەگرێت و هەوڵدەدات شیعرەکەی نزیك بکاتەوە لە ئاستی مۆسیقا ؟ بێگومان شیعر لە رێگای ئیقاعی تایبەتی خۆیەوە هەوڵ بۆ بە مۆسیقا بوونی خۆی دەدات ، چونکە ئامرازی شیعر وشەیە و ئامرازی مۆسیقاش دەنگە . مۆسیقا چیە ؟ بە کورتی مۆسیقا هونەری رێکخستنی دەنگە بۆ ئەوەی چێژ بەخش بێت . هەموو هونەرێك رەگەزێك یان زیاتر لە مۆسیقا دەخوازێت بۆ ئامرازەکەی خۆی بەکاری دەهێنێت بۆ نزیك بوونەوە لە مۆسیقا، نەك گەیشتن پێی . هەمیشە شاعیران سوود لە هەردوو رەگەزی ئیقاع و هارمۆنیای مۆسیقا وەردەگرن . شیعر رەگەزی ئیقاع و هارمۆنیا دەخوازێت بۆ وشە و رستە ، بۆ ئەوەی زمان و وێنەی شیعرانە بەرز بکاتەوە بۆ ئاستی بالآی مۆسیقا .

ئەوەی زانراوە شیعر دوو جۆر ئیقاعی هەیە ، ئیقاعی دەرەکی و ئیقاعی ناوەکی. ئیقاعی دەرەکی ئیقاعێکی زەمانییە ( ئیقاعی کات ) ، لە کێش و سەروا پێك دێت . کێش دابەش کردنی (کات)ی نێوان بڕگەی هەموو رستەکانە بە شێوەیەکی رێك و پێك . شاعیر لەم شیعرەدا کێشی پشتگوێ خستووە ، واتا شیعرەکە کێشی نیە ، کەواتا شاعیر بەشێك لە ئیقاعی زەمانی بەکارنەهێناوە کە زیاتر لە مۆسیقاوە نزیکە ، کەچی شاعیر پشتگوێی خستووە . هەرچەندە بە پێی نوسینە رەخنەییەکانی لە سەر شیعری شاعیران زۆر شارەزای کێشی شیعری کوردییە . من پشتگوێ خستنی کێش بە باش نازانم ، راستە ئەمڕۆ لای بەشێك لە شاعیرانی خۆمان و بیانیش ، پەخشانە شیعر باوە کە بێ کێش و سەروایە ، بەڵام من رام وایە کە نابێت ئەوەندە کێش و سەروا پشتگوێ بخرێت . شاعیر لەم شیعرەدا کە کێشی پشتگوێ خستووە ، بەڵام بایەخی زۆری بە بڕگەی ( سەروا) داوە ، کە خۆی زۆر شارەزای جۆرەکانێتی و دەسەڵاتی تەواوی بەسەر بەکارهێنانیدا دەشکێت ، زۆر زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ دەکات بۆ ئیقاعدان بە شیعرەکانی . لەم شیعرەدا شاعیر سێ جۆر سەروای بەکارهێناوە ، یەکێکیان سەرەکی ، ئەو دوانەکەی دی نا سەرەکی . سەروای سەرەکی لە شەش پیت پێکهاتووە ( اران دێ ) ، و شەش جار لە دێڕی( ١ – ئێواران دێ ، ٥ – روباران دێ ، ٧- داران دێ ،١٣ – ژماران دێ ، ١٧ – دڵداران دێ ، ٢٦ – باران دێ )دا بەکاری هێناوە . لە وێنەی یەکەمدا چوار جار بەکاری هێناوە و کۆتایی وێنەکەش بەو سەروایەیە ، لە وێنەی دووەمدا یەك جار بەکاری هێناوە لە کۆتایی وێنەکەدا ، لە وێنەی سێیەمشدا هەر یەك جار بەکاری هێناوە لە کۆتایی وێنەکەدا . کەواتا شاعیر شارەزایانە توانیوێتی بە ئیقاعی ئەو سەروا سەرەکیە کە دەڵێی دەنگی زەنگۆڵەیە لە سەرتاپای شیعرەکەدا. هەروەها بەو دەنگە هەر سێ وێنە و تەواوی شیعرەکەی بە یەکەوە گرێداوە . ئەو دوو سەروا ناسەرەکیە ، یەکێکیان لە وێنەی یەکەمدا لە پێنج پیت پێکهاتووە ( شینەی ) لە دێڕی (٤ – شینەی ، ٦- دڵنشینەی ) ، ئەوی دیکەیان لە سێ پیت پێکهاتووە ( مدا ) لە دێڕی (٢١- خۆمدا ، ٢٣-ماڵەکەمدا ) ، ئەمەی دواییان لەدەنگدا تەواو هاوەزەنگ نین . لە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکەدا بە دەنگ ، تێکەڵ بوونی دەنگی ئەو دوو سەروا ناسەرەکیە لەگەڵ سەروا

سەرەکیەکەدا هارمۆنیەتی دەنگ دروست دەکەن ، چێژ بەخشە ، هەوڵدانێکی گرنگە بۆ گەیشتن بە ئاستی مۆسیقا .

ئیقاعی ناوەوە ئیقاعێکی مەکانییە ( ئیقاعی شوێن ) ، چونکە شاعیر دەبێت وێنە دروست بکات ، وێنەش بابەتی هونەری شێوەکاریە کە هونەرێکی مەکانییە ، بەڵام لە شیعردا وێنە جوڵەدارە ، نەك وەستاو ، چونکە وێنەی شیعری وێنەیەکی زەمانیە . شاعیران لە سەر سێ بڕگە کار دەکەن بۆ گەیشتن بە وێنەی بەرجەستە ، کە پێویستە وێنەی بەرجەستە ئیقاعی ناوەکی دروست بکات . بڕگەکانی دروست کردنی وێنەی بەرجەستە لە ( زمان ، واتا ، خەیاڵ ) پێکدێن .

با بزانین شاعیر چۆن مامەڵەی لەگەڵ هەریەك لەو سێ بڕگەیەدا کردووە بۆ گەیشتن بە مەبەستی شیعرانەی خۆی .

زمانی شیعرانە کۆمەڵێك خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە کە جیاوازن لە زمانی پەخشان کە زیاتر بۆ سەلماندن بەکاردێت . خزانی زمان خاسیەتێکی گرنگی زمانی شیعرانەیە ، بەڵام شاعیر بەکاری نەهێناوە چونکە من هەست ناکەم بە هیچ جێگۆڕکێ وپاش و پێش خستنی وشە و رستەیەك لە هیچ شوێنێکی دەقەکەدا . رستەکان بە پێی رێسای ئاسایی زمانەوانی بەکارهاتوون .

زمانی شیعرانە ، زمانێکی کورتبڕە ، واتا پێویستە دەربڕین بە کورتترین رستە و کەمترین وشە بێت . لەم بوارەدا شاعیر هەوڵی داوە کە پەیڕەوی کورتبڕی زمان بکات ، بۆ نمونە لەم چەند دێڕەدا :

هەستدەکەم ئەو هاژە هاژە شینەی
لە ئاوی روباران دێ ،
هەستدەکەم ئەو دەنگە دڵنشینەی
لە لەرینەوەی داران دێ ،

بەڵام لە هەندێك شوێنی دیدا ، سەرکەوتوو نەبووە ، وەك :

زۆر جار کە ئێواران دێ
هەر لەخۆمەوە
هەست بەخەمباریەکی زۆر دەکەم

بە رای من رستەی ( هەر لە خۆمەوە ) زیادە و پێویست ناکات . دەتوانێت بڵێیت :

زۆر جار کە ئێواران دێ
هەست بەخەمباریەکی زۆر دەکەم

من رام وایە شاعیران پێویستە هەمیشە خۆیان لە رستەی کردار بپارێزن بۆ ئەوەی خۆیان لە گژ و گیای زمان بە دوور بگرن ، چونکە رستەی کردار هەمیشە وشە و رستە درێژ دەکاتەوە و پیتی زیادە و راناویش زۆر بەکاردەبات ، کە لە شیعردا نابێت وا بێت .هەروەها پێویستە رەچاوی خاسیەتی زمانی کوردی بکات کە زمانێکی ( تاك )ە ، بەڵام شاعیر لە سەروا سەرەکییەکەدا زۆر شاعیرانە ئەو وشە کۆیانەی بەکارهێناوە کە هیچ گرێ و لەنگیەکی لە شیعرەکەدا دروست نەکردووە ، بەڵکو ئیقاعێکی گشتی داوە بە شیعرەکە ، وەك وشەی ( ئێواران ، روباران ، داران ، ژماران – کۆ وشە ) کە لەگەڵ سەروای دوا دێڕدا ( باران – تاك وشە ) رێك هاتووە ، شاعیر وشەکانی نەکردووە بە ( ئێوارەکان ، روبارەکان ، دارەکان ، ژمارەکان ) کە ئیقاعی شیعرەکەی تێکدەدا . بەڵام وشەی ( حەسرەت )ی سێ جار بە کۆ بەکارهێناوە ( حەسرەتەکان ) . بە رای من ئەو ئاوازی کۆ ( کان

**)ە ، بۆ زمانی کوردی نە شیاو و نا ڕێکە ، چ جای بۆ شیعر . وشەی ( حەسرەتەکان ) لە هەر سێ دێرەکەدا ئیقاعی  شیعرەکەی تێکداوە .**

٢٧.  هەستدەکەم ئەو دەنگە دڵنشینەی

٢٨.  لە لەرینەوەی داران دێ ،

٢٩.  حەسرەتەکانی مرۆڤم بیردەخەنەوە

٣٠.  هەوڵدەدەم

٣١.  حەسرەتەکان بژمێرم

٣٢.  نا ئۆمێدی گاڵتەم پێدەکا :

٣٣.  ( کوانێ حەسرەتەکانی مرۆڤ

٣٤.لە ژماران دێ ؟!) .

**بە رای من ئەم دێڕانەی  سەرەوە بەم شێوەیە بنوسرایە :**

٢٧.هەستدەکەم ئەو دەنگە دڵنشینەی

٢٨.لە لەرینەوەی داران دێ ،

٢٩.حەسرەتی مرۆڤم بیردەخەنەوە

٣٠.هەوڵدەدەم

٣١.حەسرەت بژمێرم

٣٢نا ئۆمێدی گاڵتەم پێدەکا :

٣٣.( کوانێ حەسرەتی مرۆڤ

٣٤. لە ژماران دێ ؟!) .

**شاعیر تا رادەیەك خۆی لە گژ و گیای زمان پاراستووە ، بۆ ئەوەی رستە و شە و پیتی زیادە بەکارنەهێنێت .تەنها لە چەند شوێنێکدا نەبێت وەك لە دێڕی دووەمدا ( هەر لە خۆمەوە ) کە دەستەواژەیەکە بەکارهێنانی لەو شوێنەدا پەخشان ئامێز و زیادەیە ، لەگەڵ وشەی ( بەڵام ) لە سەرەتای دێڕی ( ١٨) ، هەروەها پیتی (و) کە دوا پیتی دێڕی ( ٢٢ و ٢٤ )ە . یەك تێبینیم هەیە لە سەر دێڕی (٢٠) کە دەڵێت ( من زۆر دڵم خۆشە ) ، بەرای من بیگوتایە ( من دڵم زۆر خۆشە ) هەردوو رستەکە شیاون ، بەڵام بۆ شیعر ئەوەی دووەم جوانترە .**

**واتا لەم شیعرەدا ، بەشێکی راستەوخۆیە و بەشێکی نا راستەوخۆ لە ڕێگەی خەیاڵەوە دەری دەبڕێت . واتا مەفهومە و تێگەیشتنی ئاسانە ، خوێنەر دەتوانێت بە ئاسانی لە واتای هەر سێ وێنەکە تێبگات ، چونکە واتا راستەو خۆیە و مەدلولی کەی لە پشتەوە نیە . لە وێنەی یەکەمدا باسی خەمباری خۆی و حەسرەتی مرۆڤ دەکات ، لە وێنەی دووەمدا باسی ورد و خاشبوونی دڵی دڵداران دەکات ، وادیارە خۆی یەکێکە لەوان . لە وێنەی سێیەمیشدا باسی بەختەوەری خۆی دەکات . لە هەندێك شوێندا واتا راستەوخۆیە وەك :**

زۆر جار کە ئێوارن دێ

هەر لە خۆمەوە

هەست بە خەمباریەکی زۆر دەکەم

بەڵام لە هەندێك شوێنی تردا هەڵدەستێت بە خەیاڵ ، بە گۆڕینی وەزیفەی ئامرازەکانی هەست :

هەستدەکەم ئەو هاژە هاژە شینەی

لە ئاوی روباران دێ

هەستدەکەم ئەو دەنگە دڵنشینەی

لە لەرینەوەی داران دێ .

( هاژە هاژ ) دەنگی ئاوە ، بەڵام لە راستیدا دەنگ رەنگی نیە ، شاعیر رەنگی داوەتێ . خوێنەر دەبێت بە گوێ و چاوی ناوەکی وێنای ئەو دەنگە بکات . هەروەها ( دەنگی دڵنشین ) دەنگی لەرینەوەی داره، بەڵام دەنگ لە دڵدا نانیشێتەوە بەڵکو لە گوێدا دەنیشێتەوە ، شاعیر زیرەکانە ئەم جێگۆڕکییەی دەنگ و رەنگی کردووە کە وا لە خوێنەر دەکات بە هەستی ناوەکی وێنای شتەکان بکات ، نەك بە هەستی دەرەکی . یاخود لە وێنەی دووەمدا کە دەڵێت :

زۆر جاریش هەستدەکەم

لەگەڵ هەڵکردنی بای ئێوارەدا

دەنگی ورد و خاشبونی

دڵی دڵداران دێ

ورد و خاشبوونی دڵی دڵداران ، وێنەیەکی مەجازیە نەك راستەقینە ، چونکە دڵی دڵداران شوشە نیە ، بەڵکو گۆشت و خوێنە . بەڵام شاعیر بە رێگای خەیاڵ دەیکات بە شوشە ، کە پێویستە خوێنەر خۆی وێنای ئەو وێنەیەی دڵی شوشەی دڵداران بکات،کە ئەمەش ئیقاعی ناوەکی دەبەخشێتە شیعرەکە . لە وێنەی سێیەمدا ( بۆنی هەناسە ، بۆنی بەختەوەری ، بۆنی تەڕی باران ) ی بەکارهێناوە ، بۆنی هەناسە ئاسایی و راستەقینەیە ، بۆنی بەختەوەری مەجازە ، بۆنی تەڕیش مەجازە ، چونکە بۆنی تەڕ و وشك نیە بەڵکو بۆنی خۆش و ناخۆش هەیە .

وێنە لەم شیعرەدا ، وێنەیەکی شعورییە ، شاعیر لە هەر سێ وێنەکەدا وەسفی حاڵەتی شعوری خۆی دەکات بەرامبەر بە دیاردەکانی سروشت و مرۆڤ ، نەك بە خەیاڵ بۆندی تازە لە نیوان دیاردەو شتەکاندا دروست بکات . شێوازی نوسینی شیعرەکە زیاتر شێوازی گێڕانەوەی بەسەردا زاڵە ، بۆیە دەبینین کات و شوێن هەندێ جار دیار و زانراوە ، بەتایبەت بەلای شاعیرەوە .

شیعری پەتی ، کات و شوێنی دیاری کراو و زانراوی نیە ، چونکە خاسیەتی کات و شوێنی دیاری کراو تایبەتە بە ئەدەبی گێڕانەوە وەك ( چیرۆك ، رۆمان ، حیکایەت ، ئەفسانە ... هتد ) . شیعری پەتی زیاتر بە شێوەی بونیادی نادیار دەنوسرێت ، نەك بونیادی دیار و زانراو وەك لە هونەرەکانی تردا کە کات وشوێن و پاڵەوان و روداو دیار و زانراون . کات بە پێی رابردوو و ئێستا و دوا رۆژ دەناسرێت ، وردەکاری کات لە ( سەعات ، رۆژ ، شەو ، بەیانی ، نیوەڕۆ ، ئێوارە ، هەفتە ، وەرز ، مانگ ، ساڵ ....... هتد ) زیاتر دەناسرێت ، کاتی گشتی شیعرەکە لە رابردوو و ئێستادایە . شاعیر لەم شیعرەدا سێ جار و لە هەر سێ وێنەکەدا کاتی ( ئێوارە)ی بەکارهێناوە ، ئەوەی من تێبینم کرد کاتی ( ئێوارە ) لە دیوانەکەدا زاڵە و لە (١١) یانزە شیعردا ( ١٦) شانزە جار بەکاری هێناوە ، واتا ( ئێوارە ) کاتێکی تایبەتە و گرنگی خۆی هەیە لای شاعیر کە ئەمە پەیوەستە بە ئەزمونی ژیان و پەیوەندی بە باری دەروونی شاعیرەوە هەیە .ئەو سێ جارەی لەم شیعرەدا کە کاتی ( ئێوارە)ی بەکارهێناوە ،ئێوارەیەکی نادیارن بە لای خوێنەرو بەلای شاعیرەوە .تەنها ئێوارەی وێنەی سێیەم نەبێت کە بە پێی شیعرەکە لای شاعیر دیارە چی ئێوارەیەکە ، وەك خۆی دەڵێت :

١٨.بەڵام ئەم ئێوارەیە

١٩.کە پایز ئاوی کردۆتە ژێر هاوینەوە

٢٠.من زۆر دڵم خۆشە

٢١.چونکە لە ناو خۆمدا :

٢٢.بۆنی هەناسەی تۆو

٢٣.لە ناوماڵەکەمدا :

٢٤.بۆنی بەختەوەریی و

٢٥. لە دەرەوەش :

٢٦. بۆنی تەڕی باران دێ ! !

**واتا ئەو ئێوارەیە ، ئێوارەیەکی وەرزی پایزە ، لای خوێنەر ئەو ئێوارە و پایزە نادیارە ، بەڵام شاعیر دەیزانێت و ئیتر نازانم ئەو ئێوارەی پایزە ئەو ئێوارەیەیە کە شاعیر شیعرەکەی تیا نوسیووە یاخود ئەو ئێوارەیەیە کە شاعیر دەم و لێوی لەگەڵ دەم و لێوی یار تێکەڵ کردووە ، یاخود هەردووکیان . وەك دەڵێت :**

من زۆر دڵم خۆشە

چونکە لە ناو خۆمدا :

بۆنی هەناسەی تۆ و

**هەروەها بەکارهێنانی کاتی( پایز و هاوین ) کە درێژترن لە کاتی ئێوارە ، بەڵام کاتێکی لاوەکین بە نیسبەت کاتی زاڵی ( ئیوارە)ی شیعرەکەوە ، بە تەنها بۆ دروست کردنی وێنەکە بەکاریهێناون . سەبارەت بە مەسەلەی شوێن چەند جارێك شوێنی بەکارهێناوە وەك ( روبار ، دار ، لەناو خۆمدا ، لە ماڵەکەمدا ، لە دەرەوەش ) کە هەندێکیان دیار و هەندیکیان نادیارن بە لای خوێنەر و شاعیرەوە. وەك وتمان ئەم شیعرە زیاتر شیعرێکی شعورییە و باسی حاڵەتی دەروونی شاعیر دەکات و کات و شوێن لە حاڵەتی شعورییدا دیار و نادیارن .**

**پەیامی ئەم شیعرە لە حاڵەتی شعوری شاعیرەوە هەڵدەقوڵێت ، کە حاڵەتی خەمباری و حەسرەتی مرۆڤ و شکانی دڵی دڵداران و خۆشەویستییە . شاعیر کاتی ( ئێوارە ) لە شیعرەکانیدا زۆر بەکاردەهێنێت ، بە تایبەت لەم شیعرە کورتەدا سێ جار بەکاری هێناوە . کاتی ئێواران لە وێنەی یەکەمدا ، کاتی خەمباریە لای شاعیر ، ئەمە پەیوەندی بە خود و ئەزموون و ژیانی شاعیرەوە هەیە کە بۆچی ئێواران کاتێ گوێ بۆ هاژە هاژی شینی روباران و دەنگی دڵنشینی لەرینەوەی داران رادێری ، تووشی خەمباری دەبێت و بیر لە حەسرەتی مرۆڤ دەکاتەوە . شاعیر هەرچەند بیر لە حەسرەتی مرۆڤ دەکاتەوە دەبوایە هاوڕێیەك ، خزمێك یاخود یارێك گاڵتەی پێ بکات ، کە کاتێ هەوڵدەدات حەسرەتی مرۆڤ بژمێرێت ، بەڵام لە شیعرەکەدا هەر حاڵەتێکی شعوری خۆی گاڵتەی پێ دەکات کە ئەویش( نا ئومێدی )یە ، ئەمەش زیرەکی شاعیرە کە باس لەوە دەکات حاڵەتەکانی شعوری خۆی لەگەڵ یەکدیدا قسەبکەن ، نەك یەکێکی تر تەدەخول لە حاڵەتی دەروونی بکات وەك دەڵێت :**

هەوڵدەدەم

حەسرەتەکان بژمێرم

نائومێدی گاڵتەم پێ دەکا :

( کوانێ حەسرەتەکانی مرۆڤ

له ژماران دێ ؟!).

**لای شاعیر کاتی ( ئێواران ) هەر کاتی خەم و حەسرەت و نائومێدی و بەیار نەگەیشتنی ئەم نیە ، بەڵکو کاتی ورد و خاشبوونی دڵی دڵدارانی دیکەشە وەك لە وێنەی دووەمدا دەردەکەوێت .بەڵام ئەو (ئێوارە) دیار و نادیارەی لە وێنەی سێیەمدایە کە شاعیر (یار)ی تیا بینیووە یاخود شیعرەکەی تیا نوسیووە یاخود هەردووکیان ( کە شاعیر خۆی دەزانێت ) ئێوارەیەکە شاعیر دڵی زۆر خۆشە ، چونکە لە ناو خۆیدا بۆنی هەناسەی یار دێ ، کە دیارە ئەو ئێوارەیە پێش نوسینی شیعرەکە شاعیر دەم و لێوی بە دەم و لێوی یار تەڕ کردووە و لە ناو ماڵەکەشیدا بۆنی بەختەوەری و کەشی شیعر نوسینە ، لە دەرەوەش پایزە و نمە نمە دەبارێ و بۆنی تەڕی باران دێ ، کە هەر سێ ( بۆن )ەکە کەشێکی ئەویندارانەی ڕۆمانسیان دروست کردووە ، یاخوا مرۆڤ بە گشتی و شاعیر بە تایبەتی بەردەوام لە کەشی وێنەی سێیەمدا بژین .**

**خاڵبەندی لەم شیعرەدا کەمێك لاوازە ، چونکە لە هەندێك شوێندا پێویست بە دانانی خاڵ و وێرگوڵ دەکات ، بەڵام شاعیر داینەناوە و بەتایبەتی لە دێڕی (١ تا ١٠) خوێنەر خۆی دەتوانێت لە دەقەکەدا تێبینی بکات .**

**ئەگەر دێڕی ( ١١ ، ١٢ ،١٣ ) وەك خۆی بە خاڵبەندییەوە بنوسینەوە ، بەم شێوەیەی خوارەوەیە :**

١١. نائومێدی گاڵتەم پێ دەکا :

١٢. ( کوانێ حەسرەتەکانی مرۆڤ

١٣. لە ژماران دێ ؟!).

**کۆتایی دێڕی (١١) ، دوو خاڵ لە سەر یەکی ( : ) داناوە ، دوای ئەوە کەوانەی کردۆتەوە ، کە نوسینی ناو هەردوو کەوانەکە ، قسەی نائۆمێدیە . لەبەر ئەوەی ئەم ( : ) هێمایەی داناوە نەدەبوایە کەوانە بکاتەوە . بەڵکو قسەکانی نائومێدی ( دێڕی ١٢ + دێڕی ١٣) وەکو خۆی بنوسرایە بە بێ کەوانە و پێویست بە دانانی خاڵ (.) دوای کەوانەکەش نەدەکرد وەك لە خوارەوە :**

١١. نائومێدی گاڵتەم پێ دەکا :

١٢. کوانێ حەسرەتەکانی مرۆڤ

١٣. لە ژماران دێ ؟!

**واتا لە کۆتایی دێڕی (١٣) تەنها نیشانەی ( ؟! ) دابنرایە ، نەك ئەم چوار نیشانەیە { ؟ ! ) . } چونکە دوای نیشانەی پرسیار و سەرسوڕمان پێویست بە دانانی خاڵ ناکات .**

**دانانی کەوانە لە پێش دوو خاڵ لەسەریەکدا " : " ڕاستە و لە دەقی شانویی و سیناریوی سینەماییدا زیاتر بەکاردەهێنرێت وەك :**

**زانا ( بە توڕەییەوە ) : کوانێ لە کوێن ؟**

**هێمن ( بە ترسەوە ) : قوربان لە دەرەوە چاوەڕوانن .**

**لە کۆتاییدا هیوادارم توانیبێتم چەند خاڵێکی بواری هونەری شیعرم روون کردبێتەوە و لە شیکردنەوەی شیعرەکەی ( محمد کوردۆ )دا پیادەم کردبێت و جێگای ڕەزامەندی ئێوەی خوێنەر و شاعیریش بێت .**

*** لە ژمارە (٧٠)ی گۆڤاری ( نەوشەفەق ) بلاّبۆتەوە .**